www.kurdistannet.org
25/06/2002 01:38

# (سوتان)




ئازاد ئەرگوشی

وەکو هەموو شەوێك لە کتێبخانەکەم دا خەریکی نووسین بووم، لەناکاو دەرگاکەی فیزەیەکی کرد و کرایەوە، زۆر ئارام و لەسەرخۆ هاتە ژوورەوە. بە هێمنی دەرگاکەی داخست و پاڵی پێوەنا، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بەبێ ئەوەی قسەیەك بکات تەماشای ساپیتەکانی دەکرد، پاشان موژ پلانکەکانی داخست و هەناسەی راگرت بە شێوەیەك دەت گوت هەناسەی لەبەر براوە، تەماشای روخساریم کرد، چاوەڕوان بووم شتێك بلێت کەچی هەروا بێ دەنگ بوو، لە شوێنی خۆم هەستام، لەناکاو وەك زیندانییەکی هەڵاتوو چاوەکانی کردەوە، چاوە گەورەکانی لە قولە تێنی چاوەکانی سوڕانەوە پاشان بە دەنگێکی ماندوو گوتی: زۆر ماندووم ... چەند هەنگاوێك هاتە پێشەوە کۆنە کورسییەکی دار کە لە تەك مێزەکەم دابوو بە دەستە لاوازە و سپییەکانیەوە بەرەو لای خۆی رایکێشا، بەبێ دەنگی دانیشت، لەو ماوەیەدا خەریکی بیرکردنەوە بووم تا بزانم ئەم میوانە نا ئاشنایە لەکوێ هاتووە، ئەوەم بە بیردا هات کە رەنگە یەکێك لە قارەمانەکانی چیرۆکەکانم بێت کە لە ناو دۆسیەکانم بەند کراون، کاتێ بە وردی تەماشای روخسارەکەیم کرد بینیم کە بە هەڵەدا نەچووم چاوەکانی ئاشنابوون بەڵام ئەو پاڵەوانەی سوتاندم تەنیا خۆڵەمێشەکەی مابوو، دەنگە ناسکەکەی زنجیری بیرکردنەوەی پساندم و گوتی: چیتە دەڵێی نام ناسیەوە؟ گوتم:با دەتناسمەوە... بەڵام ... نەمدەزانی چی بلێم کاتێ بێ دەنگی منی بینی گوتی: بەڵام چی ...؟

گوتم: بەڵام تۆ مردووی، ئەو چیرۆکەی کە تۆ پاڵەوانەکەی بووی سوتاندم، بەبێ ئەوەی تەماشای بکەم چاوەڕێی وەڵام بووم، بەڵام وەڵامی نەبوو.

سەرم بەرزکردەوە بینیم روومەتی لە نێوان دەستە سپی و ناسکەکانی شاردۆتەوە، خەریك بوو دەگریا، شانەکانی هەڵدەتەکان، بێ ئاگا دەستم برد بۆ زەندە لاوازەکانی، دەستەکانمی لەسەر رومەتەکەی لادا رووومەتی تەڕ بووبوو، گوتم: بۆ دەگریێ؟

گوتی: بۆ تۆ ...!

گوتم: لەبەرچی؟

www.kurdistannet.org
25/06/2002 01:38

گوتی: هەرگیز بڕوام نەدەکرد کە لەم دنیایەدا لەمن بەدبەخت تریش هەیە، تۆ ئادەمیزادێکی قوڕبەسەری زۆر بەدبەختی...

بۆ وا دەزانی کە من مرۆڤێکی بەدبەختم؟.

تۆ وا دەزانی بە سوتاندنی چیرۆکەکە هەموو شتێ تەواو دەبێ، تۆ کاغەزەکەت سوتاندووە ئەی لە گیانت (روح) چی لێ دەکەی؟

بێ دەنگ بوو، بە هێمنی دەستەکانی لەناو دەستەکانم دەرهێنا. لەکاتی کشانەوەی دەستەکانی بە دەستی ڕاست دەستی گوشیم، هەموو هەبوون پڕ لە خۆشی و شادی بوو، شادییەك، نەم دەزانی سەرچاوەی لە کوێیە، بەڵام هەستم کرد جارێکی تر ئەم دەستەم گوشیوە، نازانم لە جەژنی نەورۆز بو یا سەریساڵ. وەك بڵێی هەستی بە شادی من کردبوو، زەردەخەنەیەك نیشتە سەر لێوەکانی. هێشتا زەردەخەنەی ئەوەندە جوانم نەدیبوو، بەڵام بە داخەوە تەمەنی زۆر کورت بوو.

بە موژیلانەکە درێژە خنجیلانەکانی چاوە جوانەکانی داپۆشی هێدی هێدی دوو فرمێسك خزینە سەر ڕوومەتە ناسکەکانی، لەو کاتەدا کارەبا بڕا لەگەڵ بڕانی کارەبادا، چاوەکانی کردەوە چاوەکانی لە تاریکی جوانترین دیمەنیان بەدی هێنابوو، تابلۆیەك بە زەمینەیەکی ڕەش کە بە دووچاوی گەش بەڵام پڕ لە خەم و پەژارە ڕازابۆوە.

دوو دڵۆپە فرمێسك بەسەر روخسارییەوە دەبریسکانەوە.

گوتم: نا بەو زەردەخەنە جوانەی کە لەسەر لێوەکانت بوو، نا بەو فرمێسکانەی کە ئێستا دایدەبارێنی تۆ چ جۆرە بوونەوەرێکی؟

گوتی: بریا بم زانیبا، پاشان بێ دەنگ بوو. هەروا بەبێ دەنگی چاوی بڕییە من. دوو فرمێسکەکە وەکو دوو دانە کریستال لەسەر روخسارەی دەبریسکانەوە، لەناکاو هەستم کرد دڵۆپە فرمێسکی لای ڕاستی روخسارەی خەریك بوو ڕەنگ و ڕووی دەگۆڕی. هەستم کرد روداوێکی نالەبار ڕوودەدات، بەپەلە لە چەکمەجەی مێزەکەم مۆمێکم دەرهێناو دامگیرساند، لەسەر مێزەکە دامنا کاتێ ئەوها بە پەشۆکاوی منی بینی لێی پرسیم: چیتە نیگەرانی؟

گوتم: پێویستە نیگەران بم؟

گوتی: لەبەرچی؟

گوتم: فرمێسکەکانت ...

گوتی: دەزانم یەکێکیان خوێنە ئەوەی تریان ئاو ئەمە ڕاستی ژیانە، پاشان دایە قاقای پێکەنین پێکەنینەکەی ئەوەندە بەرزبوو کە ئەوەندە نەمابوو لە ترسا دڵم بوەستێ. بە دەنگێکی بەرز گوتم: تۆ کێی؟ چیت دەوێ لێم؟ بێ دەنگ بوو بێ ئاگا دەستم بەرە و مۆمەکە برد، مۆمەکەم لە ڕوومەتی نزیکم کردەوە دڵۆپە فرمێسکی لای ڕاستی وەك دڵۆپە خوێنی وشك بوو وابوو، دڵۆپە فرمێسکەکەی تر ڕوون و زوڵاڵ وەك

www.kurdistannet.org
25/06/2002 01:38

دلۆپە شەونمێك كە لەسەر پەلكە گوڵێك نیشتوو بێت وابوو، دەستم بەرەو روخساری برد, بە مەبەستی پاك كردنەوەی روخسارەی، بەڵام دەستی گرتم و خستیە ناو دەستەكانی، دەستەكانی گەرم بوون، بە هەموو بوونم هەستم بە گەرمی دەستەكانی كرد بێ ئاگا گوتم: خۆشم دەوێی؟ دەستم گوشی گوتی: باوەڕت پێ بكەم.

گوتم: بڕوا بكەی.

گوتی: چۆن بڕوات پێ بكەم؟

نەم دەزانی چۆن چۆنی بۆی بسەلمێنم كە خۆشەم دەوێ، دەیزانی كە لە وەڵام دانەوەی پرسیارەكەی گیرم خواردووە، مۆمەكەی لێ وەرگرتم لەسەر مێزەكەی دانا.

پاشان گوتی: خۆشت دەوێم؟.

گوتم: نازانم.

ئەوەندە هەیە كە لەپێناوی من دەست لەسەر بلیسەی مۆمەكە ڕابگری بەبێ ئەوەی رووت گرژ ببێ، زەردەخەنەیەكی هاتە سەر لێوەكانی بەبێ دەنگی تەماشای دەكردم. نەمدەزانی چی بكەم بە دوو دڵی دەستم بەرەو مۆمەكە برد بەڵام نەم توانی بەرگەی گەرمیەكەی بگرم بۆیە بە پەلە دەستم كێشایەوە بە دیتنی ئەم دیمەنە بە پێكەنینەوە گوتی: سەختە، دەزانم، هەروا كە تەماشای منی دەكرد و دەستی لەسەر بلیسەی مۆمەكە ڕاگرت زۆر بە هێمنی گوتی: خۆشم دەوێی ...!! لەم كارەوە واقم وڕما نەمدەزانی چی بكەم هەر ئەوەندەم پێ كرا بە پەلە مۆمەكەم لەژێر دەستی دەربێنم، بۆنی گۆشتی سوتاو ژوورەكەی پڕ كرد، ناو لەپی دەستی سوتابوو، گوتم دەستت سوتا، گوتی: لەمێژە سوتاوم. بێ ئاگا بەبێ ئەوەی بزانم چی دەكەم دەستم كردە ماچ كردنی دەست و پەنجەكانی, وەك منداڵێك كە لە دایكی جیاكرابێتەوە دەستم كرد بە گریان، ئەویش وەكو من دەگریا، گوێم لێ بوو لەناو كوڵی گریانەكەیدا دەیگوت تێنومە، تێنومە، خەریكە لە تێنویان دەخنكێم. . خێرا بەرەو چێشتخانە ڕۆیشتم كە گەیشتمە ناو چێشتخانەكە كارەباكە هاتەوە پەرداخێكم پڕ ئاو كرد بەخێرایی گەڕامەوە. بەسەر سوڕمانەوە بینیم كەس لە وێ نەماوە !!!

بەڕاستی ترسام تەماشای دەوروبەرم كرد، هیچ نەبوو. . !! تەنیا بۆنی گۆشتی سوتاو دەهات. هەستم كرد لەپی دەستم دەسوتێتەوە، تەماشای لەپی دەستم كرد دەستم سوتابوو، هەرچی بیرم كردەوە دەستم چۆن سوتاوە، بێ سوود بوو، نەمزانی و ئێستاش كە ئێستایە نازانم، بۆنی گۆشتی سوتاوو نەما. بەڵام پاشماوەی سوتان بۆ هەمیشە لە لەپی دەستمدا مایتەوە.

پیرمام ٢٠٠٠/١/١٣



www.kurdistannet.org